
Al-Anfal
کوشتنی جەستە و سڕینەوەی نەتەوە
2
ئامادەکردنی: نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com
ئێمە چیمان لێیان دەست کەوت؛
وتمان لەوانەیە چەند پیاوێکی باشیان
تیــــا بدۆزینەوە، بەڵام هەرگـــیـــز
نەماندۆزییەوە، دەبێت سەریان پان بکەمەوە،
ئەم سەگانە دەبێت، دەرسیان دابدەم.! نا، دەبێت
بە بلدۆزەر بیانێژم".
لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا لە کەرکووک عەلی
حەسەن مەجید وای گوت

### سەعدیە بۆتان ـ سەرۆکی ئەنجوومەنی ژنانی سۆماڵە لە ئەسکەندناڤیا «SKIS»:

# جەنەڕاڵەکانی ڕژێم ژنێکی زۆریان لە عێراقەوە دەهێنا بۆ ڕابواردن و کاری سێکسیی، ئەو ژنانە زمانیشیان نە دەزانی نەمان دەزانی خەڵکی کوێن

**دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی بوونی ژنی کورد لە وڵاتی سۆماڵ ڕێکخراوی چاک/سوید/ لە درێژەی بە دواداچوون و هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە ڕاستیی ئەو هەواڵە پەیوەندیمان کرد بە چەند ڕێکخراوەیەکی سۆماڵییەوە و بەردەوامیشین لەو بە دواداچوونانە بەو ئومێدەی سەرەپەتێکی ئەو گرێ کوێرەی کارەساتەمان بۆ دەرکەوێ کە دڕندەترین ڕژێمی سەردەم دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامی داوە، ئەویش فرۆشتنی ئەو ژنە کوردانەیە کە لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفالی بەد ناودا بوون بە کۆیلەی سوپای بەعس و فرۆشران بە چەندین وڵاتی عەرەبی. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە هەواڵانەی کە دەماودەم لێرە و لەوێ دەبیستریێ وەک داستانێکی ئەفسانەیی دراماتیکی لێهاتووە کە بە بیستنی وێڕای ئەوەی مرۆڤ دەخاتە نێوان دوو دورگەی گومانی لە یەک دابڕاوی ڕاستی و خەیاڵ، تەزوویەکی تێکەڵ بە خەم و قین بە جەستەی مرۆڤدا دێ، هاوکات ئازارێکی نەبڕاو لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکا کە تەنیا بە چەند دڵۆپێک فرمێسکی هەستکردن بە بێکەسی دەتوانرێ گوزارشتی لەسەر بکرێ.**

**یەکێ لەو کەسایەتییانەی کە پەیوەندیمان پێوەکردن خاتوو سەعدیە حسەین بۆتان بوو، ئەم خانمە سەرۆکی ئەنجوومەنی ژنانی سۆماڵە لە ئەسکەندناڤیا«SKIS». سەعدیە وێڕای ئەوەی کە ژنێکی وشیارە بە ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە بەتایبەت دۆزی ڕەوای کورد و بارودۆخی کوردستان. بەرهەڵستکارێکی چالاکی ڕژێمی لەناوچووی سۆماڵ بووە، ئێستاش داکۆکیکارێکی چالاکی مافی مرۆڤە بەتایبەت مافی ژنان و منداڵان، لە ناوەندەکانی سوێددا ناسراوە. ئێمەش ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵی ئەنجام دا..**

**دیدار/ ڕوناک شوانی**

*** خاتوو سەعدیە ئێوە چ زانیارییەکتان لەسەر ئەنفال هەیە؟**

– سەرەتا من خۆشحاڵم کە دەبینم خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان بەو دڵسۆزییە بە دوای کەسانی ون بووی خۆیان دەگەڕێن، ئێوە جێگەی شانازین و هیوادارم ببنە نموونە بۆ هەموو گەلانی ژێر دەست، بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم، ئێوە میللەتێکی ئازان مێژوویەکی ڕەنگینی پڕ خەباتتان هەیە ،مافی خۆتانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان هەبێ بە تایبەت کوردستان خاکێکی دەوڵەمەندە و کوردیش دەوری هەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئێمە دەزانین سەدام چ دیکتاتۆرێک بوو، دەزانین چ توندوتیژییەکی بەرامبەر بە خەڵکی عێراق و کوردستان بەکارهێناوە، ئێمە لە دەرەوەی وڵات لەسەر ئەنفال زۆرمان بیستووە ئاگادارین کە کوردێکی زۆر کوژران و زیندە بە چاڵ کراون بەڵام نازانین ژمارەیان چەندە.

*** سەدام و دار و دەستەکەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالیان دژ بە خەڵکی باشووری کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ دەست پێکرد لە ئەنجامدا ١٨٢ هەزار کەسمان لێ ئەنفال کرا زۆربەیان زیندە بە چاڵ کران، هەندێکیان چەکی کۆمەڵکوژیان لەسەر تاقیکراوەتەوە، بەپێی ئەو زانیاری و دیکۆمێنتانەی کە پاش ڕوخانی ڕژێم بە دەستمان کەوتووە بەشێک لە ژن و منداڵەکان بە هەندێک وڵاتی عەرەبی فرۆشراون لەوانەش وڵاتی میسر. پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٢ هەر بە دەستی ڕژێمی سەدام ٨٠٠٠ کوردی بەرزانی بێسەر و شوێن کران. لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا هەموو لادێکانی کوردستان وێران و خاپوورکران، هەرواش لە ساڵی ١٩٨٨ شاری هەڵەبجە کیمیاباران کران لە چەند چرکەیەکدا ٥ هەزار کەس بوونە قوربانی، ئێستاش ئاسەواری ئەو کیمیابارانە بەسەر شاری هەڵەبجە و دانیشتوانەکەیەوە دیارە، ئێوە ئەو کات لە ئەورپا بوون ئەم هەواڵانەتان نە دەبیست؟**

نەخێر، بە داخەوە بەو دوور ودرێژییە زانیاریمان نەبوو، ئێوە دەزانن ئێمەش دیکتاتۆرێکی هاوڕێی نزیکی سەدام فەرمانڕەوایی دەکردین ئەویش «سیاد بەری» بوو کە ئەوکات سەرۆکی سۆماڵ بوو. ئەوان پەیوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی بەهێزیان هەبوو، ئەویش تاوانی زۆری دژ بە خەڵکی سۆماڵ ئەنجام دا. هەروەک سەدام بەرهەڵستکارانی خۆی زۆر بە دڕندەیی تیا دەبرد. شوێنی تایبەتی هەبوو شێرێکی زۆری تیا ڕاگرتبوو زۆربەی ئەوانەی دژی بوەستانایە دەرخواردی شێرەکانی دەدا من خۆم ئامۆزایەکم لەوانە بوو کە دەرخواری شێردرا. سێ بەشی خەڵکی سۆماڵ لە کەمترین ئیمکاناتی ژیان بێبەشن کەچی بەشێک لە جەنەڕاڵەکان و دەوڵەمەندانی دەست وپێی ڕژێم خاوەنی چەندین کۆشک و تەلاربوون کە زۆربەی ئەو



شوێنانەیان کردبووە شوێنی ڕابواردنی خۆیان. ئێوە وا نەزانن کە ئێستا سەدەی بیست و یەکە و کۆیلەگەریی نەماوە، ئێستاش لە سۆمالدا ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵ دەڕفێنرێن کەس نازانێ لە کام بازاڕی جیهان دەفرۆشرێن.

*** ئێوە خۆتان خەڵکی کام شاری سۆماڵن و کەی وڵاتتان جێهێشتووە؟**

–من خۆم خەڵکی باکوری سۆماڵم بەڵام لە مەقادیشۆ گەورە بووم و هەر لەوێش خوێندنم تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٦ وڵاتم جێهێشتووە.

*** تۆ لەوێ ژنی کوردت دیبوو؟ ئایا وەک ئاگاداریی ژنی کورد فرۆشرابێ بە سۆماڵ پاش ساڵەکانی ١٩٨٨؟**

– لە ڕاستیدا جەنەڕاڵەکان و دەوڵەمەندانی ڕژێم ژنێکی زۆریان لە وڵاتانی یەمەن و عێراق و میسر و شوێنەکانی ترەوە دەهێنا کە بۆ ڕابواردن و کاری سێکسیی بە کاریان دەهێنان، ئەو ژنانە کەم لە ناو خەڵک دەردەکەوتن، نەیان دەوێرا قسە بکەن پاشان زمانیشیان نە دەزانی نەمان دەزانی خەڵکی کوێن. من لە ١٩٨٦ وە هاتوومەتە دەرەوە لە سۆماڵ، بەڵام ئێمە لە هەندەران بووین بیستمان کە پاش جەنگی ئێران و عێراق ژنێکی زۆر لە عێراقەوە براون بۆ سۆماڵ ئیتر نازانین ئەوانە کوردن یان نە ء. من ئامادەم بە هەموو شێوەیەک یارمەتیتان بدەم و هاوکاریتان بکەم بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە زانیاریتان دەست کەوێ. زۆریشم پێخۆشە پەیوەندیمان بە ڕێکخراوەکەتانەوە بەردەوام بێ و لە زۆر بواردا هاوکاریی یەکتر بکەین، چونکە سۆمالیش وەک کوردستان بە دەستی دیکتاتۆرەوە وێران کرا ئێمەش وەک ئێوە چەندین جار تووشی جینۆساید بووینەتەوە.

---

# پڕۆژەیەک بۆ داخوازی قوربانیانی ئەنفال لەکاتی دادگاییکردنی سەددام حسێندا

**لە ڕۆژە سەختەکاندا ، ئەو ڕۆژانەی ئەنفال دەکراین  هیچ کەس نەک بەهانامانەوە نەگەشت بگرە زۆرینەی دنیا خۆی لەو کارەساتە کەڕ کردوو وڵاتانی عەرەبیش بە ئیسلامی و چەپ و ڕادیکاڵ و لیبراڵ و دیموکراتیخوازەکانیانەوە ( ئەگەر هەبن ) لەسەنگەری ناسنامەی عەرەب و ڕەمزی عروبەدا بوون و کوشتنی کوردیان حەڵاڵ دەکرد.**

**ئەمڕۆ لەسەروبەندی دادگاییکردنی سەدامدا کورد پێویستی بە یەکخستن و بوونی پڕۆژە هەیە بۆ ئەوەی وەک کێسێکی بەهێز لەو دادگایەدا بەکار بهێنرێت ، ئەم پڕۆژەیە لەلایەن کوردەوان محەمەدسەعید وە ئامادە کراوە و دەکرێت وەک پڕۆژە کاری لەسەر بکرێت.**

١– پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەنفال.

٢– ڕوونکردنەوەی وشەی ئەنفال و ئاکام و مەرام و خوێندنەوەی وردی پشت دێڕ و بەردێڕەکانی و ناساندنی بەنەوەکانی نوێ لە ڕێگەی لیژنە تایبەتەکانی دەستەی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی ئەنفال وبە بەکارهێنانی سەرجەم هۆکارە بەردەستەکانی ڕۆژەوە.

٣– سەلماندنی پرۆسەی ئەنفال بە بەڵگەوە و دواتر گەیاندنی بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێی لیژنە یاساییەکانی دەستەی نیشتمانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنفالەوە.

٤– کارکردن بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەنفال لەسەر هیچ نیشتمانێک لە ڕێی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەستەی نیشتمانی ناوبراوەوە.

٥– بەدەستهێنانی مافی قەرەبووی ئەنفالکردنی کورد لەلایەن عەرەبەوە کە خۆی لەم چەند خاڵانەدا دەبینێتەوە:

أ– سەرجەم ئەو وڵاتانەی خۆیان بە وەتەنی عەرەبی دەزانن بە ڕەسمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد  بکەن.

ب– سەرجەم ئەو وڵاتانەی خۆیان بەوەتەنی عەرەبی دەزانن ساڵانە یان مانگانە بڕێک پارە وەک قەرەبوو پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

ج– ئەو وڵاتانەی بەپێی دیکۆمێنتەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان سەدامی ئەنفالچییان بەپاڵەوان و سەرکردەی باش و دلێر و ئازا ناوبردووە کە ئەو جۆرە پیاهەڵدانە دەستخۆشییەکە لە ئەنفال چییەکا ئەو پرۆسەیەیان ئەنجام داوە، ساڵانە یان مانگانە بڕێک پارە دووئەوەندەی ئەو پارەیەی لەخاڵی (ب)دیاریدەکرێت زیاتر بێت بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

د– ئەو وڵاتانەی چ عەرەب و چ وڵاتانی تری جیهانیش کە ئاگەداری پرۆسەی ئەنفال بوون، ساڵانە یان مانگانە بڕێک پارە دەبێت زۆر لەوپارەیەی لە خاڵی (ب – ج)دا هاتووە زیاتربێت، پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکات وەک قەرەبوویەک بۆ ئەنفال.

٦/ تەرخانکردنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی کاریگەریی ئەنفال لەسەر خەڵکی ناوچەکە.

٧/ ئاوەدان کردنەوەی تەواوی گوند و شار و شارۆچکە ئەنفالکراوەکان.

٨/ کردنەوەی خولی درێژخایەن بۆ کەسوکاری ئەنفال لەلایەن لیژنە و کەسانی پسپۆری دەروونی و کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە بۆئەوەی لەوکارەساتە تێبگەن کەبەسەریان هاتووە و کاریگەرییەکانی ئەنفالیشیان لەسەر بسڕێتەوە.

٩/ کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئامارێکی تەواو و دۆزینەوەی ئەو کەسانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت لەژیاندابن.

١٠/ هەوڵدان بۆ ڕزگارکردن یان هاوکارییکردنی ئەو گەلانەی لە لایەن ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە ئەنفالکراوە بەپێی توانا و هێندەی هەلومەرجی سیاسی ڕێیدات ڕووناکبیری تایبەت بەڕوونکردنەوەی سیاسەتی ئەنفالیان تێدا بڵاوبکرێتەوە و جیهانی سێیەم لەوە هۆشیار و ئاگەدار بکرێتەوە کە وشەی ئەنفال لەهەر کتێبێکدا بڵاوکرابێتەوە یان نووسرابێت هەر بەواتای تاڵانی و دزییە و هیچی تر.

